# شانۆی کوردی لە هەندەران «تیپی شانۆی ئارارات.. ئەزموون و میتود و ئیستێتیکا»

د. فازڵ جاف

**مەرگ و کچ، پردێک بەرەو ئایندە**

ساڵی ٢٠٠٤ نزیکەی پەنجا کەس لە شانۆییەکی بچووکی شاری ستۆکهۆڵم کۆبووینەوە، کۆبوونەوەکەمان بۆ بینینی نمایشێک نەبوو، بۆ ڕاهێنان نەبوو، ئەوەندەی بۆ ئەوەبوو بۆ یەکەم جار گوێ لە چوار ئەکتەری تیپی شانۆی ئارارات بگرین، کە تێکستی شانۆنامەی (مەرگ و کچ)یان بۆ ئامادەبووان دەخوێندەوە. ئەم ئەزموونە، گوێگرتن لە ئەکتەران، کاتێک شانۆنامەیەک دەخوێننەوە، خۆی لە خۆیدا بۆ تیپی شانۆی ئارارات و بینەرانی کورد لە ستۆکهۆڵم، ئەزموونێکی نوێ بوو، لەوانەشە نەک تەنیا بۆ بینەرانی کوردی هەندەران، بگرە بۆ بینەرانی کورد و شانۆی کوردی بەگشتیش نەریتێکی زۆر باو نەبووبێت.

بەگشتی ئەم شێوازە لەلایەن هەندێک دەزگەی شانۆییەوە بۆ ناساندنی تێکستی شانۆیی تازە نووسراو پیادە دەکرێت، ئەوەش بەمەبەستی بازاڕ دروستکردن بۆ ئەو تێکستانە، هەربۆیە ئەوانەی کە بۆ ئەو خوێندنەوەیە بانگهێشت دەکرێن، بە پلەی یەکەم بریتین لە سەرۆکی تیپەکان، بەرهەمهێنەرەکان، وەرگێڕ و دراماتۆرگەکان و ڕاگەیاندنکاران. بەشبەحاڵی خۆم وەک بەرپرسی یەکەمی تیپی شانۆی ئارارات، بە مەبەستی ئاشنابوون بە شانۆنامە تازەنووسراوەکان، چەند جارێک لەم خوێندنەوانەدا ئامادەبووم، لە زۆربەی خوێندنەوەکانیشدا سوودمەندبووم و چێژیشم لێ بینیون.

بەدەر لە مەبەستی بازاڕ پەیداکردن، هەندێک جار تیپەکانیش تێکستی شانۆیی بۆ بازنەیەکی دیاریکراو دەخوێننەوە، بۆ ئەوەی بەر لە پرۆڤە و نمایشکردنی شانۆنامەکەیان، بەتایبەتی ئەگەر پێشتر نمایش نەکرابێت.



**شانۆیی «مەرگ و کچ»، تەلار هیرانی، مەریوان کەماڵ لە کاتی پرۆڤە کردندا.**

ئێمەیش لە تیپی شانۆی ئارارات، پاش ئەوەی بەتەواوەتی یەکلا بووینەوە لەوەی کە دەمانەوێت کار لەسەر شانۆنامەی (مەرگ و کچ) بکەین، پێمان باش بوو بەر لە دەست بەکاربوون، ئێمەیش شانۆنامەکە بۆ گرووپێکی دیاریکراو بخوێنینەوە.

خوێندنەوەی شانۆنامەیەک، بەر لە نمایشکردنی، بە مەبەستی تێست و تاقیکردنەوەی چێژ و کاردانەوەی بینەران، بۆ شانۆنامەی مەرگ و کچ گرینگ بوو.

خوێندنەوەی ئەکتەران، ئەوەی دەرخست کە بینەران بۆ ماوەی پتر لە سەعات و نیوێک بە تاسە و ئاگاییەوە تێکەڵ بە جیهانی تێکستەکە بووبوون، خوێندنەوەکە لە کەش و ئەتمۆسفیرێکی شانۆییانەی گەرموگوڕ و گیانی بەگیانی ئەنجام درا، خوێندنەوەکە هیچی لە نمایشێکی شانۆیی کەمتر نەبوو.

بەشبەحاڵی خۆم مەبەستم بوو، خوێندنەوەکە بەو شێوە گەرمە بێت، واتە لە کەشوهەوایەکی نزیک لە جیهانی شانۆنامەکە بێت، بەو شێوەیەی کە نووسەر، ئاریل دۆرفمان، دەستنیشانی کردووە، ئەمەش وەنەبێت سەت لە سەت داهێنانی خۆم بێت، بەر لە چەند ساڵێک ئاشنای تیپێکی شانۆیی ئەمریکایی بووم، هەموو ئەندامانی تیپەکە ڕەش پێست بوون، وابزانم لە شیکاگۆوە هاتبوون بۆ ستۆکهۆلم، ستایلی ئەم تیپە، تایبەت و تاڕادەیەک ناوازەش بوو. ڕێپێرتواری تیپەکە سەت لە سەت پشتی بە خوێندنەوەی تێکستی شانۆیی دەبەست، هەموو ئەکتەران بە شێوەیەکی شیک و نایاب لەسەر شانۆ دەوەستان، بەدرێژایی نمایشەکەیان کەسیان دانەدەنیشتن، لە بەردەم هەریەک لە ئەکتەرەکاندا، مێزێکی بەرزی شووشەیی بچووک دانرابوو، کەشێکی نیمچە تاریکیان دروست کردبوو، چەپکە ڕووناکییەکان بە وردی ئاراستەی دەموچاو و ڕوخساری ئەکتەرەکان کرابوو، مۆسیقا و کاریگەریی دەنگ، لێرە و لەوێ بە پێی پێویست بەکار دەبرا، بیرمە یەکێک لە شانۆنامەکانی (یوجین ئۆنیل)یان دەخوێندەوە.

لە سەرەتادا بە نابەدڵی ئامادەی نمایشەکەیان بووم، لە دڵی خۆم دەمگوت باشە بۆ دەبێت دانیشم گوێ لە چەند ئەکتەرێک بگرم، کە تێکستێک دەخوێننەوە؟ بەتایبەتی زۆربەی ئەو شانۆییانە بە دەنگی ئەکتەران تۆمارکراون، زۆربەشیان لە کتێبخانەکان دەست دەکەون، پاشتر بەخۆمم گوت بزانە ئەم ئەزموونە چییە و جیاوازی لەگەڵ درامای ڕادیۆیی چییە؟ ئەوەبوو خواستی زانین هانی دام بلیت بکڕم و ئامادەی خوێندنەوەکە بم، خوێندنەوەکەیان بۆ من ئەزموونێکی نوێ بوو، تاڕادەیەک بە شێوازی خوێندنەوەکەیان سەرسام بووم.

بەدرێژایی خوێندنەوەی ئەکتەرەکان بە تەکنیکی دەنگ و دەمودوویەکی ئاست بەرز، سەرنجی گوێگرەکانم دا، بینیم بەقووڵی نوقمی جیهانی شانۆنامەکە بووبوون. تیپەکە بەم شێوەیە چەند نمایشێکیان لە ئەدەبی بەرزی شانۆی جیهانییەوە ئامادە کردبوو، لەوانە هەر بە نموونە شانۆنامەکانی ئیبسین، میللەر و ویلیامز، هەر لە بەرهەمی نووسەرە بەناوبانگەکانی شانۆی جیهانییەوە، هەر لە کلاسیکەوە تا شانۆی هاوچەرخ، ڕێپێرتوارێکی هەمەڕەنگیان پێکهێنابوو، بەجیهاندا دەگەڕان و شاکارەکانی شانۆییان بۆ خەڵک دەخوێندەوە.

ئەم نمایشەم هەر لە سەروبەندی ئەو ماوەیەدا بینی، کە بڕیارم دابوو کار لەسەر شانۆنامەی مەرگ و کچ بکەم، بەڵام هێشتا دوودڵ بووم، دوودڵییەکەشم سەبارەت بە ئاستی شانۆنامەکە نەبوو، دیارە شانۆنامەکە تێکستێکی بەهێز و چڕ و پڕە، بەڵام لە بەر ئەوەی پێشتر کارم لەسەر شانۆنامەیەکی لەم جۆرە نەکردبوو، یان دروستتر بڵێم، پاش شانۆنامەی دووڕەگ لە کۆتایی حەفتاکاندا، کارم لەسەر تێکستێکی ڕیالیستی و سایکۆلۆجی نەکردبوو، سەبارەت بە کاردانەوەی بینەران ئەوەندە دڵنیا نەبووم، بەڵام هاوکات دەمویست شێوازێکی نوێ، شێوازێکی جیاواز، جیاواز لەو چەشنە شانۆییانەی کە لە سەریان

ڕاهاتبووم، تاقی بکەمەوە، پاشتریش با دەدەمەوە سەر ئەم خاڵە، باس لەوە دەکەم کە بۆچی ئەم خاڵە بۆ من گرینگ بوو.

پاش گوێگرتن لە نمایشی تیپە شانۆییە ئەمریکاییەکە، بیرۆکەی خوێندنەوەی (مەرگ و کچ)م لەلا دروست بوو، ئەم خوێندنەوەیە بە مەبەستی زانین و تاووتوێکردنی ئاستی پێشوازیکردنی بینەران و کاردانەوەی زەینییان بوو، واتە مەبەستمان بوو، پێش مەشق و پرۆڤە و کارکردن لەسەر تێکستەکە، خوێندنەوەیەک بۆ کۆمەڵی خۆمان بکەین و بزانین شانۆنامەکە چۆن لەلایان دەکەوێتەوە، خوێندنەوەی تێکستەکە باش بەڕێوە چوو، ئەکتەرەکان بەم ڕیزبەندییە ڕۆڵەکانیان خوێندەوە کە پاشتر هەر بەم شێوەیەش لەسەر شانۆدا نمایشیان کرد، تەلار هیرانی لە ڕۆڵی پاولینا، مەریوان کەمال لە ڕۆڵی ئێسکۆبارد، عادل ئەحمەد لە ڕۆڵی دوکتۆر میراند، شادان عومەر خوێندنەوەی ڕێنماییەکانی نووسەری شانۆنامەکە (ئارێل دۆرفمان).

ئەوەی لە (مەرگ و کچ)دا درامایەکی گرینگە، ئەوەیە کە دۆرفمان چیرۆکەکەی لەسەر چوارینەیەکی شوبێرت، هەر بەناوونیشانی مەرگ و کچ بنیاد ناوە، لە شانۆنامەکەدا دەگەڕێینەوە بۆ ڕابوردوو کە چۆن دوکتۆر میراند ئەشکەنجەی پاولینا دەدات و چەندان جار زەوتی دەکات، هەموو ئەم کارە قێزەونە دزێوانە بەوپەڕی دڕندایەتییەوە بەدەم چوارینەکەی شوبێرتەوە دەکرد، باشە ئەمە چ درامایەکی توند و وروژێنەرە کە بەدەم جوانترین مۆسیقاوە بکرێت. پیاوێک ئافرەتە سیاسییەکان لە زینداندا بە دەم شاکاری مۆسیقای کلاسیکەوە زەوت دەکات! جەللادەکە خۆی دوکتۆری دەروونیش بێت؟ ئەمە لە ڕابوردوودا، ئەی لە ئێستادا؟ دۆرفمان لە ڕێنماییەکانیدا، بە درێژایی دەنگی شەپۆلی دەریا دەکاتە مەرجێک بۆ نمایشکردنی شانۆنامەکە.

ئەم دوو ڕەهەندە دراماییە لە خوێندنەوەکەدا، هەروەها پاشتر لە نمایشە شانۆییەکەدا، بایەخێکی تایبەتیان هەبوو، هەردوو ڕەهەندەکە هۆش و هەستی خەڵکیان بۆ خوێندنەوەی ئەکتەرەکان ڕاکێشا.

بۆ ئێمەی ئەندامانی تیپی ئارارات، تەنانەت بۆ ئامادەبووانیش، دەرکەوت کە ئەم شێوازە، شێوازی خوێندنەوەی تێکستی شانۆیی بۆ خەڵک، یان بۆ دەستەبژێرێک، لە گەلێک ڕووەوە تەکنیکێکی سوودبەخشە، بەر لە هەموو شتێک، هەروەک ئاماژەم پێ کرد، پلەی کاردانەوەی بینەرانمان بۆ دەردەکەوێت، هەروەها ئەوەشمان بۆ دەرکەوت کە ناوەرۆکی شانۆنامەکە پەیوەندییەکی چەندە توندی بە ئەمڕۆ و بەم قۆناغەوە هەیە و چەندە لە خەمی ئەمڕۆی تاک و کۆمەڵەوە نزیکە.

خۆ ئەگەر پاش خوێندنەوەی، گفتوگۆیەکی کراوە لە نێوان ئەکتەران و ئامادەبوواندا بکرێت، تەنانەت کاتێکی باش بۆ گفتوگۆیەکە تەرخان بکرێت، بۆت دەردەکەوێت کە چەندە بایەخی خۆی هەیە، بەتایبەتی ئەگەر جڵەو بۆ ئامادەبووان شل بکەیت تا بە ئاسوودەیی ڕا و بۆچوونی خۆیان دەربڕن، هەروەها بایەخ بە بۆچوونەکانیان بدەیت و هانیان بدەیت کە بێ بەربەست گوزارشت لە هەست و زەینی خۆیان بکەن.

یەکێک لە سوودەکانی خوێندنەوەی تێکستی شانۆیی بەر لە نمایشکردنی لە پێش بینەران، لەوەدا خۆی دەنوێنێت، کە قەوارەی گونجاوی نمایشەکەت، بەر لە پرۆڤە و ڕاهێنان، بۆ ساغ دەبێتەوە، بەتایبەتی لە ڕووی کات و ڕیتمەوە (خێرایی و خاوییەوە).

خوێندنەوەی شانۆنامەی مەرگ و کچ گفتوگۆیەکی گەرمی لێکەوتەوە، کاردانەوەی ئامادەبووانم بۆ دەرکەوت کە تا چ ئەندازەیەک ئەرێنی بوو، ئەوەمان بۆ ساغ بووەوە کە بابەتی شانۆگەرییەکە بۆ ئەمڕۆی بینەری شانۆ گرینگ بوو. شانۆنامەکە لە دیدی ئەوانەوە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە بارودۆخی ئێستاوە هەبوو، بە ڕادەیەکی ئەوتۆ کە قەتماغەی گەلێک برینی قووڵی هەڵدایەوە، ئەمەش بۆ ئێمە گرینگە، لەوەش گرینگتر ئەوەبوو کە لە میانەی بۆچوون و ڕوانگەی ئەوانەوە، پەیمان بە چەند لایەنێکی دیکەی بابەتەکە برد کە بەر لەو خوێندنەوەیە بۆ ئێمە، بەتایبەتیش بۆ من وەک ڕێژیسۆری نمایشەکە گەلێک گرینگ بوو، هەر بۆ نموونە زانینی دیدگەی ئەوان بۆ بایەخی لێبووردەیی و بەها مرۆییەکانی وەک بەزەیی و چاوپۆشی لە ڕابوردوو، مەسەلەی قۆناغی پاش نەمانی ڕژێمی دیکتاتۆری، ڕەهەندێکی قووڵتری بە ئێمە بەخشی.

پاش شانۆیی دوو پێغەمبەر تیپی شانۆیی ئارارات بۆ ماوەیەکی زۆر، جگە لە شانۆیی (نازە و ورچ) کە بۆ منداڵان کردبوومان، هیچ بەرهەمێکی نوێی نەبوو،



**شانۆیی «مەرگ و کچ»، لە ڕاستەوە: عادل ئەحمەد، تەلار هیرانی، مەریوان کەمال، لە کاتی پرۆڤە کردندا.**

هۆکاری ئەم وەستانەی تیپ، بۆ ئەو دوو ساڵەی خوێندنم لە زانکۆی لەندەن دەگەڕێتەوە. دیارە دوورکەوتنەوەی ئەم جارەشم لە ستۆکهۆڵم، هەمان کاردانەوەی دوورکەوتنەوەمی هەبوو بۆ سانت پیتەربورگ بە مەبەستی خوێندنی دوکتۆرا کە بوو بە هۆی وەستانی تیپ بۆ چەند ساڵێک.

پاش گەڕانەوەم لە لەندەنەوە بۆ ستۆکهۆڵم، ئەندامانی تیپ ئارەزوویەکی گەرمیان بۆ کارکردن هەبوو، چەند جارێک بە مەبەستی نمایشکردنی شانۆنامەیەکی گونجاو گفتوگۆمان کرد، بەتایبەتی کە نمایشی نازە و ورچ، کاردانەوەیەکی باشی هەبوو، ئەوەبوو پاش نمایشەکانی شاری ستۆکهۆڵم، لە شاری فیستەرۆس و شاری (یۆتیبۆرگ)یش باش پێشوازی لێ کرا، پێشوازیی گەرمی بینەران پتر ئارەزووی کارکردنی لەلا دروست کردین.

بەڵام کارکردن لەسەر شانۆییەکی دیکە، لەو قۆناغەدا کارێکی ئەوەندە ئاسان نەبوو، ئێمە بە بەراورد لەگەڵ هەشتاکان و نەوەتەکاندا، لە سەردەمێکی گەلێک جیاواز دەژیاین، مەبەستیشم لە سەردەمی سیاسی ئەو کات بوو، لەلایەکی دیکەشەوە لە ڕووی هونەرییەوە، خۆشم وەک ڕیژیسۆری تیپەکە دیدگە و ڕوانگەم تا ڕادەیەک گۆڕانی بەسەردا هاتبوو، لێرەدا و بەر لەوەی بچمە ناو وردەکارییەکانی نمایشەکە و شێوازی کارکردن و دیدی ئیستێتیکییانەی خۆم، هەوڵ دەدەم ئەم دوو خاڵە کە دوو فاکتۆری بنەڕەتین لە هەڵبژاردنی تێکستی شانۆیی (مەرگ و کچ)دا، ڕوون بکەمەوە.

مەرگ و کچ یەکەم بەرهەمی تیپی شانۆی ئاراراتە بۆ گەوران، کە پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس نمایش کرا، کوردیانی هەندەران، بەتایبەتی ئەوانەی پتر لە بیست ساڵ بوو ئاوارەی وڵاتانی ئەوروپا بووبوون، خەم و خولیا و پرسیارەکانیان گۆڕانێکی زۆریان بەسەردا هاتبوو، بەشبەحاڵی خۆم بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٩٩ پاش هەژدە ساڵ ژیانی تاراوگە، گەڕامەوە بۆ کوردستان، هەر بۆ زانین دۆرفمان پاش حەڤدە ساڵ لە ئەمریکاوە گەڕایەوە بۆ شیللی. ئەم گەڕانەوەیەم کاریگەرێتییەکی نەرێنی لەلا دروست کردم، ئەوەبوو لە نزیکەوە ئاشنای خەمەکانی کۆمەڵی کوردستانی و تاکی کورد بووم، لە قۆناغێکدا کە ڕژێمی دیکتاتۆری سەرنگوون بووبوو، بەڵام برینەکانی ئەو سەردەمە کاتێکی زۆری دەویست تاکو هەندێک ساڕێژ بن، مەبەستیشم نەک تەنیا برینەکانی سەر جەستە و ژیانی ڕۆژانەیە، بگرە برینەکانی دەروون و ڕوح و هەست و سۆزە کە ئاکام و ئاسەواریان بەئاسانی لەناو ناچێت، بگرە کارێگەرێتی خۆی لە قۆناغەکانی پاش ڕووخانی ڕژێمی کۆن، بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ دەمێنێت، بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەش، وابزانم پێویست بە بەڵگەی مێژوویی ناکات.

شانۆنامەی مەرگ و کچ باس لە سەردەمێک دەکات، کە زۆر لە سەردەمی کوردستانی پاش ڕووخانی ڕژێم دەچێت، ئاریێل دۆرفمان لە (مەرگ و کچ)دا باس لە سەردەمی پاش ڕووخانی دیکتاتۆرێتی پینۆشێت دەکات، کە پاش کودەتایەکی خوێناوی بەسەر ئێلێندی سەرۆکی ئەوسای شیللی دەسەڵاتی گرتە دەست. سەردەمی پینوشێت وەک سەردەمی سەدام حسەین، سەردەمی کوشتن و بڕین و زیندان و ئەشکەنجە و هەتککردن و لە سێدارەدان بوو، ئەو ڕژێمەش پاش نغرۆبوونی خۆی، گەلێک گۆڕی بەکۆمەڵی دوای خۆی بەجێ هێشت کە بۆ یەکەم جار شانۆنامەکەم خوێندەوە، لە هەموو چرکە و ساتێکی خوێندنەوەکەدا ڕژێمی (سەدام حسەین)م بیر دەکەوتەوە، سەرەڕای ئەم لێکچوونەش باوەڕ ناکەم دڕندایەتی ڕژێمی دیکتاتۆریی پینۆشێت بگاتە یەک لە دەی دڕندایەتی ڕژێمی بەعس.

لێکچوونێکی دیکە کە شانۆنامەکەی لەلا پەسەندتر کردم، ئەوەبوو، نووسەرەکەی لە هەندەرانەوە بیری لە نووسینی شانۆنامەکەی کردبووەوە، (دۆرفمان)یش وەک

ئێـــمە لە دەست ڕژێمـێكی درندەی دژە مـرۆڤـایەتی هەڵهاتبوو، تا گەیشتبووە ئەمریکا، لەوێ بڕیاری دابوو بە ئەدەب، بە هونەری شانۆ دژایەتی دیکتـاتۆری بکات، ئەویش وەک گـوتم پاش حـەڤـدە سـاڵ گـەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی. مەرگ و کچیش لەو جۆرە بەرهەمە ئەدەبییانەیە کە لە ڕووی هونەری و ئەدەبییەوە دەگمەن و کەم وێنەن، تایبەتمەندێتی شانۆنامەکە لەوەدایە کە باس لە درندایەتی سەردەمی دیکتاتۆر دەکات، نەک لە سەردەمەکەی خۆیدا، بگرە لە پاش ڕووخانی، دروست لە سەردەمێکدا کە پێی دەگوترێت سەردەمی گواستنەوە بۆ ڕژێمێکی نوێ، لە سەردەمی دیکتاتۆرییەوە بۆ سەردەمی دیموکراسی، شانۆنامەکە تاکو ئێستا وەرگێڕدراوەتە سەر چەندان زمان، بەردەوام لەسەر شانۆکانی جیهاندا نمایش دەکرێت، ئەمە جگە لەوەی کە کراوە بە فیلم و لەلایەن سێ ئەکتەری بەناوبانگی ئەمریکاوە نمایش کراوە.

**هەر کەسێک نەتوانێت لە کەسانی دیکە خۆش بێت، ئەو پردە دەڕووخێنێت کە بەسەریدا ڕەت دەبێت، هەموو مرۆڤێکیش پێویستی بە کەسێکە لێی ببورێت.**

**لۆرد هێربارت**

چەمکی لێبووردەیی بۆ من بایەخێکی مەزنی هەبوو، هەر لە سەرەتای ساڵی دوو هەزارەوە بیرۆکە و چەمکی لێبووردەیی(تۆلێرانس) بووبوو بە خولیام، پاش خوێندنەوەیەکی باش، بەتایبەتی نووسینەکانی دڵای لاما و نووسەری ئێرلاندی دوکتۆر (فرید لوسکین)ی نووسەری کتێبی (لێبووردن باشترە)، گەیشتبوومە ئەو باوەڕەی کە لێبووردەیی ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بە بەختەوەری و ئاسوودەیی دەروون و هارمۆنیا لەگەڵ ژیان و سروشتدا، بەڵام تۆ بڵێی ئەم لێبووردەییە ئەوەندە ئاسان بێت؟ یان ئەوانەش بگرێتەوە کە تاوانیان کردووە و دەستدرێژییان بەرانبەر کەسانی دیکە کردووە. ئەم نموونانە هێشتا لەسەر ئاستی کەسێتی، یان لەسەر ئاستی تاکە کەسن، ئەی چی لە بارەی ئەو کەسانەوە بڵێین کە تاوانیان بەرانبەر بە کۆمەڵانی خەڵک، یان گەل و نەتەوە و ڕەگەزێک کردووە؟ تۆ بڵێیت کەسانی وەک هیتلەر و ستالین و سەدام حسەین و عەلی کیمیاویش بگرێتەوە؟

بەر لە خوێندنەوەی مەرگ و کچ بەشبەحاڵی خۆم خەیاڵم بۆ ئەم لایەنە بڕی نەدەکرد، واتە هێشتا هەر لەسەر ئاستی تاکەکەسی، بیرم لە چەمکی لێبووردەیی و بەخشندەیی دەکردەوە، بەڵام مەرگ و کچ سەبارەت بە قەوارەیەکی گەورەتر چاوی کردمەوە.

لە (مەرگ و کچ)دا گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە پاش ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری، ناکرێت سزای هەموو تاوانبارێک بدرێت، چونکە سزادانی هەموو کەسێک ئاکامێکی کوشندە و خراپی لێ دەکەوێتەوە، لەوانەیە شەڕی ناوخۆ، شەڕی براکوژی لێ بکەوێتەوە، ئەمەش واتە ڕژێمێک دێنینە کایەوە کە ئەگەر لەوەی پێشوو درندانەتر نەبێت، بە ئەندازەی ئەو خراپ دەبێت.

لەسەر ئاستی تاکەکەسێتی لێبووردەیی ئاسانترە، بەڵام لەسەر ئاستی کۆمەڵ، یان ڕەگەز و نەتەوەیەک لێبووردەیی نەک هەر سەختە، بگرە ڕەنگە هەر ڕەواش نەبێت، بەتایبەتی ئەگەر ستەمکاران و جەللادەکان ددان بە هەڵەکانیاندا نەنێن و خۆیان داوای لێبووردن لە قوربانییەکانیان نەکەن.

خوێندنەوەی من وەک ڕێژیسۆری نمایشەکە، بۆ تێکستی مەرگ و کچ لەم تەوەرەیەدا دەسووڕایەوە، ئەم تەوەرەیە بۆ من گرینگ بوو، دەمویست ئەم لێکدانەوەیە لە نمایشەکەدا تەوەری بنچینەیی بێت، واتە:

لە کەسێک، یان ڕژێمێک دەبووریت کە خۆی بەئاگاییەوە، بەوپەڕی هۆشمەندییەوە داوای لێبووردن دەکات.

تەنیا لەو دۆخەدا، بە مەرجێک تاوانبارەکە بەوپەڕی هۆشمەندی و باوەڕەوە داوای لێبووردن بکات، ئەوجا دەکرێت لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەینەوە، ئەگەر نا، بەخشندەیی تەنیا لە سنووری قوربانییەکە دەمێنێتەوە، لەو دۆخەشدا ئەگەری ئەوە دەمێنێتەوە، کە تاوانەکان بە جۆرێکی خراپتر و بە شێوازێکی درندانەتر دووبارە ببنەوە.